# ڕێكخراوی " شورای دەرچووان لە ئیسلام" پێك هات

چاوپێكەوتن لەگەڵ ستاری چیمەونتۆ سەبارەت بە پێكهێنانی ڕێكخراوی " شورای دەرچووان لە ئیسلام"ئەم چاوپێكەوتنە لەلایەن "سمیر نوری"ەوە ئەنجام دراوە

سمیر نوری : ئێوە ڕێكخراوێكتان پێك هێناوە بە ناوی ریكخراوی " شورای دەرچووان لە ئیسلام "، ئامانج لە دروست كردنی ڕێكخراوێكی ئاوەها لەچیدایە؟ و بۆچی دروستان كردوە؟

ستاری چیمنتۆ : ڕێكخراوی دەرچوان لە ئیسلام كورتەی ناوی (شورای دەرچووان لە ئیسلام ) لە هەموو ئەو كەسانە پێك دێت كە بێ دینن و سەر بە یەكێك لە وڵاتانەن كە بەوڵاتانی ئیسلامی ناسراوە.

حەز دەكەم لەسەرەتادا ئەوە بڵێم كە ئەم ڕێكخراوەیە لە 21\1\2007 دا بە ئامادەبوونی زیاتر لە بیست كەس لە شاری كۆڵنی ئەڵمانیا دامەزرا. وە لە ڕۆژی 28\2\2007 دا لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامە نووسیدا لە بەرلین و لە هۆڵی ڕۆژنامەگەری پەرلەمانی ئەڵمانی بەبەشدار بوونی دەیان میدیای ئەڵمانی و ئەورووپی و جیهانی ڕاگەیەنرا.

ئەم ڕێكخراوەیە بانگەوازی بزووتنەویەكی سكۆلار و مەدەنییە ئامانجی كۆكردنەوە و ریكخستنی سەدان كەس كە ئەمرۆ بڕوایان بە هیچ دین و مەزهەبێك نی یە وە بەتایبەت ئەو كەسانەی لە وڵاتە ناسراو بە ئیسلامیەكانەوە بەرەو ئەورووپا هاتوون ئێستا بڕوایان بە ئیسلام نی یە خۆیان پێشتر بێ دین بوون.

ئامانجە سەرەكیەكانمان بریتیە

1_ چاودێری پاراستنی مافە گشتیەكانی مرۆڤ وە ك ماڤ بێ ئەم لاو ئەولای هەر تاكێكی كۆمەڵ.
2_خەبات لم پێناو ئازادی بیرو ڕاو عەقیدە كە تیایدا هەر كەسێك دەبێت ئازاد بێت. بەئاشكراو غەیرە ئاشكرا بڕوای دینی و یا غەیرە دینی خۆی ڕابگەیەنێ. 3- خەبات لە پێناو ئازادكردنی چارەنووسی هەر تاكێك لە عادات و یاسا كۆنەپەرستیەكان. 4_ هەوڵدان بۆ تێگەیاندنی زۆربەی خەڵك لە مافە سەرەتایەكانی خۆیان.

سمیر نوری: چی زامنی بە دەست هێنانی ئەم ئامانجانەی ڕێكخراوەكە دەكات و چیتان لە دەستوور كاری خۆتان دا داناوە؟

ستار چمەنتو :لە پێناو بە دەست هێنانی ئەم ئامانجانە زۆر بەرنامە و دەستوور كاری جدیمان لەبەردەم خۆمان داناوە لەوانە:

1- بەستنی كۆڕ و سیمنار و چاو پێكەوتنی رۆژنامەگەری وەك ئەوەی لەسەرەوە باسم كرد.
2- بەشداری كردن لەنارەزایەیەتی و ئیعتزازاتی جەماوەری لەپێناو بەدەست هێنانی ئەم یاساو قانونانەی كە سكۆلاریستی و مەدەنیەتی كۆمەڵگا دەپارێزێ
3- هەوڵبدات بۆ گۆڕینەوەی نەزەرات و دیالۆگ لە ئاستی بابەتە زانستی یەكاندا لەسەرتاسەری جیهاندا.

4- کۆکردنەوەی پشتیوانی و هێز بۆ دیفاع لە هەموو کەس و گروپ و ئەو میدیایانەی کە بەهۆی بێ دینی و یا ڕخنە لە دین تووشی ڕاونان و ئازار و ئەشکەنجە و یان قەدەغەکردن دەبن.

ئەو کارانە و چەندان کاری تری رۆژانە وەك ئەندام گیری و هێزکۆکردنەوە بۆ بەهێزکردنی بەرەی عیلمانیەت لە دژی بەرەی کۆنەپەرستی.

سمیر نوری: لەماوەی ڕابردوودا بۆ ئەوەی کارەکانتان بناسێنن چی کارێکتان ئەنجام داوە؟ وە لە چی پانتایەکدا فەعالیەتان درێژە پێ دەدەن لە داهاتوودا؟

ستار چیمەنتو : ئێمە توانیومانە سەرەتا لە ئەڵمانیاوە دەست پێ بکەین. وە ئەوەی جێگای دڵخۆشیە توانیمان سەرنجی زۆرێك لە رۆژنامەو گۆڤارە گەورەو رادیۆ و تەلەفزیونەکانی ئەڵمانیا کە خوێنەر و گوێبیستی ملیۆنان کەس هەیە لە ئەڵمانیا لەوانە گۆڤاری FOCUS و گۆڤاری دیرشبیڵ و رۆژنامەی فرانکفۆرتەرەشاو . وەك باسم کرد لە رۆژی 28\2\2007 دا دەیان میدیای جیهان ئامادەی کۆنگرە بوون لەو رۆژەوە بەدەیان و سەدان نامەی جۆراو جۆری هاوکاریکردن و کۆمەك پێکردن و پشتیوانی کردن و بە ئەندام بوونمان بۆ هاتووە. ئەم لێشاوە لە جواب دانەوە بە بانگەوازی ئێمە لە تەواوی دنیاوە وەك تورکیا و وڵاتانی عەرەبی و ئیسپانیا و لە چەند وڵاتی تری جیهانی تریش. ئەمە بەڵگەی کاری چڕوپڕی خواستی سکۆلاریزم و بەشێکی فراوانی لە کۆمەڵگەیە، ئەم هەنگاوە کارێکی زۆر دڵخۆشکەری بەسەرەتای کاری ئێمە پێشان داوە و هێزی بە بەرنامەکانی ئێمە داوە.

سمیر نوری: ئێوە بۆ ئەو کەسانەی کە ڕوو ئەهێنن بەرەو رێکخراوی دەرچوا ن لە ئیسلام و رێنونیتان چی یە؟

ستار چیمەنتۆ : بەپێ ی ئەساسنامەکەمان هەر کەسێك کە بێ دینە و یا پێشوتر ئیسلام بووە وە ئیستا بێ دینە دەتوانی ببێ بە ئەندامی ئەم رێکخراوە وە لێرە رێکخراوبوونی ئەندام دەتوانری وەك ئەندامی رێکخراو یا وەك ئەندامی فەخری وەربگیرێ. لە رێگای ئەم رێکخراوەیەوە وەك وەسیلەی دەستمان دەتوانین پێکەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی رێکخراوەکە تێ بکۆشین زۆر کەس لە نووسەران و شاعیران و لێکۆڵەرەوەی زانستی و سیاسی و چەندان کەسی تر کە بەشێوەی جوراو جۆر دژ بە دین و خرافە و بەتایبەتی لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا دژ بە ئیسلام و یاسا کۆنەپەرستەکان ڕاشکاوانە ڕخنەیان گرتوەو و خەباتی جەریئانەی خۆیان بردووەتە پێشەوە لە پێناو نەهێشتنی خورافە کۆنەپەرستی لە کۆمەڵگادا تووشی سەرکوت و ڕاونان و تەنانەت کوشتن وە یاخود سوتاندنی گۆڤارو داخستنی رادیۆ وتەلەفزیونەکانیان هاتوون. ئێمە ئەتوانین لەسەنگەری ئەم رێکخراوبوونەوە هێزی جددی مودافیع لەوانە بین. پشت و پەناو وەسیلەی بەدەست هێنانی هەموو ئەو ئامانجە مۆدرێنانە بین.

سمیر نوری :سوپاس بۆ ماندووبوونتان

ستاری چمەنتو : سوپاس بۆ ئێوەش